


ژیار ستار:
یاریزانی باسکەی یانەی دەربەندیخان

# هیوادارم بتوانم پاڵپشتی کچانی شارەکەم بکەم بۆ ئەوەی روو لە وەرزش بکەن

باسکەی دەربەندیخان تاکە یانەی دەڤەری گەرمیانە کەوا بەردەوام گرنگی بە یارییە وەرزشییەکانی سەر ئاستی کچان دەدات و ساڵانە بەردەوام مەشقی تایبەتیان هەیە بۆ پێگەیاندنی کچە یاریزانان و ئامادەکردنیان بۆ پاڵەوانێتیەکان، یەکێک لە کچە یاریزانە بەتواناکانی شارەکەش (ژیار ستار)ە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی قەزای دەربەندیخانە و قوتابیی زانکۆی سلێمانییە لە بەشی تەلارسازی و هاوکات یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی باسکەی یانەی دەربەندیخان و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنە لە یاری تۆپی باسکە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیاریکی ئاراستەی ژیار کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** بۆچی یاریی باسکەت هەڵبژارد؟**

-هەر لە تەمەنی منداڵیمەوە حەزم لە وەرزش بوو، بەڵام بەداخەوە قوتابخانەیەك نەبوو بۆ ئەوەی بەشدار بم، هەمیشە سوپاسی ڕاهێنەرەکەم، مامۆستا زانا دەکەم بۆ یەکەمجار تیپێکی دروستکرد لە شاری دەربەندیخان و خولیاو ئاواتی ئێمەی بەدیهێنا، بە ڕاستی جێگای شانازییە بۆ ئێمە.

*** لە نێو یارییە وەرزشییەکان ئاستی یاری تۆپی باسکە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-بە بۆچوونی من ئاستێکی زۆر باشی نییە، دەتوانین بڵێین پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە لە چەند ساڵانی پێشوو، بەڵام کەمیی پاڵەوانیەتی ڕێگر بووە بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی باش.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی تۆپی باسکە لە شارەکانی کوردستان بەرز بێتەوە؟**

-ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی زیاتر و خزمەتکردنی یانەکان بۆ ئەوەی بتوانن یاریزانان پێ بگەیەنن، ئەوە کێشەی سەرەکیی یانەکانە، نەبوونی توانای داراییە، ئەوەش گرفتێکی گەورەیە بۆ پێشەوەنەچوونی یارییەکە.

*** نەکردنەوەی پاڵەوانێتی یان کەمبوونی لەسەر ئاستی یاریزانان تاچەند کاریگەری هەبووە؟**

- بێگومان نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئاستی یاریزانان، چونکە بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی ئەزموونی یاریزان زیاتر دەکات بەمەش یاریزان زووتر پێ دەگات.

*** بۆچی گرنگی بەم یارییە نادرێ؟**

-ئەو یارییەش وەکو یارییەکانی دیکە کۆمەڵێك گرفتی هەیە، بەتایبەتی بۆ کچان کە سەرەتا ژمارەی کچان زۆر کەم بوو، واتە ڕێگریی زۆر هەبوو لەلایەن خێزانەکانیان، هەروەها نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی کێشەیەکی زۆری بۆ یاریی باسکە دروست کردبوو.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی کچان زیاتر ڕوو لە وەرزش بکەن؟**

-دڵنیام زۆربەی کچانیش وەکو کوڕان ئارەزووی وەرزشیان هەیە، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵێ ڕێگری دێتە بەردەمیان و بۆ ئەمەش زۆر پێویستیان بە هاوکاریی خێزانەکانیان هەیە، کێشەی سەرەکیی کچان ئەوەیە دوای تەمەنێك لە وەرزش واز دەهێنن، بۆ ئەمەش پێویستە کۆمەڵگە هاوکارییان بکات.

*** دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی دەربەندیخان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-بێگومان هاوکارییان کردووین بە پێی پێویست و دەستخۆشییان لێ دەکەم.

*** هیواو و ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

-هیوام ئەوەیە یانەکەم لە باشترین ئاست ببینم و ئەنجامی باش بەدەست بهێنم.

*** بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

- هەوڵی زیاتر دەدەم بۆ بەبەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر، هیوام وایە بتوانم لە داهاتوو ببمە پاڵپشتێک بۆ کچانی شارەکەم بۆ ئەوەی ڕوو لە وەرزش بکەن .

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بیت؟**

-بەدڵنیاییەوە ئەوە هیوای من و هەموو یاریزانێکە.

*** بە چ یاریزانێکی یاریی باسکەی جیهانی سەرسامیت؟**

-بە هەریەك لە یاریزانانی ئەمریکی پارکەر و مایا مۆڕ

*** هیچ گرێبەستێکت لەلایەن یانەکان پێشکەش کراوە؟**

-تاکو ئێستا نەخێر.

*** لە کۆمەڵگەی کوردی تاچەند پشتگیری وەرزشی ئافرەتان دەکرێ؟**

-بە ڕاستی خزمەتکردنی وەرزش زۆر زۆر کەمە لە کۆمەڵگەی ئێمە، بەتایبەتی بۆ یاریی باسکە، هیوادارم بتوانرێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ بۆ بەرەوپێشچونی وەرزش.


*** چی بە بەرپرسانی وەرزشی لە کوردستان دەڵێیت؟**

-هیوادارم زیاتر پشتگیریی وەرزش بکەن و گرنگی بە یاری باسکەش بدەن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم کە هەردەم پاڵپشت و پشتگیری من بوون بۆ بەدیهێنانی خەونەکانم، سوپاسی ڕاهێنەرەکەم دەکەم، یاریمەتیدەرێکی باشمان بووە، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانیش کە هەمووکات و لە هەموو شارەکانی کوردستان پاڵپشتی یاریزانان بووە.





# بێریڤان جەلال گەڕایەوە یانەی سیروانی نوێ



یاریی فوتساڵ لە شارەکانی کوردستان گرنگییەکی یەکجار زۆری پێ دەدرێت، یانەکانی باشووری کوردستانیش لە ئاستی کچان بەردەوام لە کێبڕکێدان بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامێکی گەورە بەدەست بهێنن لە خولەکان، یاریزانانی یانەکانیش بەردەوام جێگای چاوتێبڕانی یانەکانی عێراقین و یەکێك لەم کچە یاریزانانەش بێریڤان جەلال بووە کە لە ماوەی رابردوو لە یانەی سیروانی نوێ رووی کردە یانەی بلادی شاری بەغدا، ئێستاش گەڕایەوە یانەی سیروانی نوێ، لەم بارەشەوە بێریڤان جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا گەڕاومەتەوە ریزی یانەی سیروانی نوێ و لەگەڵ ئەو یانەیە خەریکی ئامادەکاریم بۆ خولەکانی داهاتوو، رۆژانەش مامۆستا عەباس فەرەج وەکو راهێنەر خەریکی ئامادەکردنی کچە یاریزانەکانە.» گوتیشی: «پەیوەندیکردنم بە ریزی یانەی بلادی بۆ یەك پاڵەوانیەتی بووە، یانەکەی شاری بەغدا دیار بوو ئاستی منیان وەکو یاریزانێکی هێڵی بەرگری پێ باش بووە و داوای منیان کرد، منیش تەنیا بۆ ئەو خولە پەیوەندیم پێوە کردبوون، توانیشم لە کۆی بەشداریکردنم لە یارییەکان ئاستێکی باش پێشکەش بکەم، چوونیشم بۆ شاری بەغدا زۆر زەحمەتە وەکو کچە کوردێك، بەڵام خێزانەکەم زۆر هاوکارمبوون بۆ ئەو پاڵەوانیەتییەش باوکم لەگەڵم سەفەری شاری بەغدای کرد، بێ گوێدانە ئیش و کاری خۆی، زۆر سوپاسی دەکەم، دەستگیرانەکەشم پاڵپشتێکی گەورەیە بۆم و زۆر هانم دەدا.» لەبارەی یاریکردن لە خولی عێراقیش گوتی: «جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە یاریکردن لەگەڵ خولی کوردستان، چونکە یانەکانی شاری بەغداش بە راستی ئاستێکی زۆر باشیان هەیە و رکابەریی باش دەکەن، بەڵام تەنیا پێویستیی زیاتر بە پێشخستن هەیە لە رووی یاریگا و ناوبژیوانەوە لە هەردوولادا هەم لە خولی کوردستان و هەم لە خولی عێراقیش، بەهیوای ئەوەشم لەم وەرزە لەگەڵ یانەی سیروانی نوێ بتوانم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنم.»

# پێشمەرگەی سلێمانی پشت بە یاریزانی پیشەگەر دەبەستێ

تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ئەمساڵ جارێکی دی گەڕایەوە ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، بۆیە کارگێڕیی یانەکە لە ئێستاوە بڕیاری ئەوەی داوە کە بە تیپێکی تۆکمە و بەهێز بگەڕێتەوە نێو خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ماوەیەکیشە دەستەی راهێنەرانی یانەکە دەستییان بە ئامادەکارییەکی چڕ کردووە، بۆ ئەمە مەبەستەش ژمارەیەك یاریزانی بەتوانایان لە یانەکە کۆکردۆتەوە و دەیانەوێ دوو یاریزانی پیشەگەری بیانییش بهێنە ریزی یانەکە، لەم بارەشەوە ئەرسەلان جەلال راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ماوەیەکە تیپەکەمان لە ئامادەکاریدایە بۆ ئەوەی ئەم وەرزە بتوانین ئاستێکی بەرز لە خولەکە پێشکەش بکەین، خولی نایابی کوردستان جیاوازە لەگەڵ خولەکانی دیکە، یانەکان سەرجەمیان کێبڕکێ دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە، ئێمەش وەکو سەرجەم تیپەکانی تر ئەمساڵ گۆڕانکاریی زۆرمان کردووە، زیاتر لە دە یاریزانمان لە تیپەکە نەماوە و هەشت یاریزانی تازەمان لە یانەکانی تر هێناوەتە ریزی یانەکە، جگە لەوەش بە نیازی ئەوەین لە رۆژانی داهاتوودا دوو یاریزانی پیشەگەر بێنین، کە یەکیان لە وڵاتی ئێران دێت و ئەوەی تریان لە وڵاتێکی ئەفریقی، هەردوو یاریزانەکەش لە هێڵی هێرشبەری یاری دەکەن، ئەمساڵ بەم پێکهاتەیە دەمانەوێ ئەنجامێکی باش بپێکین لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان.» گوتیشی: «هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە وەکو یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، کارگێڕیی یانەکەش هاوکاریی باشمان دەکەن و دەستیان کراوە کردووە، چونکە خولی پلە نایابی کوردستان جیاوازییەکی زۆری هەیە، ئێمەش وەکو ستافی راهێنەران ئەوەی لە توانامان بێت لەگەڵ ئەو یاریزانانە ئەنجامی دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین و دڵی دەستەی کارگێڕی و یاریزانەکان خۆش بکەین و لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتییە بین کە لە ئەستۆمانە، یانەی پێشمەرگەش یەکێك بووە لە یانە بەهێزەکانی کوردستان و ئەمساڵ هەرچییەك لە توانامان بێ ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی پێشمەرگە ببەینەوە دۆخەکەی جارانی خۆی و کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم تیپە بەشداربووەکانی خولەکە بکەین بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە لە خولی نایابی کوردستان لە وەرزی نوێ، یاریزانی زۆر بەتواناشمان هەیە و دەتوانین بەم یاریزانانە ئەنجامی گەورە تۆماربکەین.»



# ئازاد حەمزە بەشداریی پاڵەوانیەتی لەشجوانیی جیهان دەکات

لە ئێستادا لە شارەکانی کوردستان گرنگییەکی یەکجار زۆر بە یاری لەشجوانی دەدرێت، بەشێك لە یاریزانانی کوردستانیش بەهۆی خۆشەویستییان بۆ ئەم یارییە بەجۆرێك شەیدای ئەم یارییە بوون کە ئامادەن هەموو کارێك بکەن لەسەر گیرفانی خۆیان بۆ بەشداریکردن لەپاڵەوانیەتییەکی نێودەوڵەتی یەکێك لە پاڵەوانەکانی کوردستانیش ئازادە حەمزەیە کە دانیشتووی قەزای خەباتی سەر بە پارێزگای هەولێرە و پاڵەوانیی کوردستان بووە لە ماوەی رابردوو، لەبارەی بەشداریکردنیشی لە پاڵەوانیەتی جیهانی، ئازاد حەمزە بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «لە ئێستادا ماوەی دوو مانگە لە مەشق و راهێنانێکی چڕم بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی لەشجوانیی جیهان کە بڕیارە لە مانگی داهاتوو لە وڵاتی دانیمارك لە کیشوەری ئەوروپا بەڕێوەبچێت، منیش وەکو تاکە یاریزانی کورد بەشداریی ئەو پاڵەوانیەتییە دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم لە کێشی ١٠٠کگم ئەنجامێکی گەورە بەدەست بهێنم.» گوتیشی: «بڕیارە لە رۆژی ٣ی مانگی داهاتوو لە وڵاتی دانیمارك بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەم پاڵەوانیەتییە بەشداربم، هەموو ئەرك و مەسرووفاتی ئەو پاڵەوانیەتییە لەسەر ئەستۆی خۆمە و هیچ کەسێك هاوکاری نەکردووم، بە ناوی کوردستانیش بەشداری دەکەم و تاکو ئێستاش زیاتر لە ٧٥٠٠ دۆلارم سەرف کردووە، تاکو پاڵەوانیەتییەکەش تەواو دەکەم بڕی ١٢هەزار دۆلارم پێویستە، سەرجەم ئامادەکارییەکانیشم کردووە وەك فیزە و پێداویستی تر، لە ئێستاشدا تەنیا چاوەڕوانی ئەو رۆژە مەزنەم بۆ ئەوەی بتوانم وەکو کوڕە کوردێك ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان بەرز بکەمەوە .





# ٣٠ یاریزان پالێوراون بۆ خەڵاتی باڵۆن دۆر

گۆڤاری فرانس فۆتبۆڵی فەرەنسی ناوی پالێوراوانی بردنەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆری ٢٠١٨ راگەیاند.

گۆڤارەکە بە چەند هەنگاوێك ناوی ٣٠ یاریزانی وەکو پالێوراو بۆ بردنەوەی خەڵاتەکە راگەیاند، یاریزانەکانیش پێکهاتوون لە:

کریستیانۆ رۆنالدۆ، لیۆنێل مێسی، کیلیان ئیمباپێ، نیمار داسێلڤا، گاریس بەیڵ، کەریم بنزیما، لوکا مۆدریچ، سێرجیۆ ئاگوێرۆ، سێرجیۆ رامۆس، ئیدینسۆن کاڤانی، ئالیسۆن بیکێری گۆڵپارێزی لیڤەرپوول، مارسێلۆ، تیابۆ کۆرتوا، کیڤن دیبرۆین، رۆبێرتۆ فیرمینیۆ، دیێگۆ گۆدین، ئانتوان گریزمان، ئیدین هازارد، ئیسکۆ، نگۆلۆ کانتێ، هاری کەین، پۆل پۆگبا، یان ئۆبلاك گۆڵپارێزی ئاتلێتیکۆ، سادیۆ مانێ، ماریۆ ماندزۆکیچ، هۆگۆ لۆرێس، ڤاران، محەممەد سەلاح، لویس سوارێز، ئیڤان راکیتیچ.

رۆژی ٣ی دیسەمبەری داهاتوو لە پاریس لە ئاهەنگێکدا ناوی براوەی خەڵاتی باڵۆن دۆری ئەمساڵ رادەگەیەندرێت، هاوکات ئەمساڵ گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ، خەلاتی دیکەشی داناوە بۆ باشترین یاریزانی لاو و باشترین یاریزانی خانم.





## مانچستەر بە دوو یاریزانی ئیتاڵی هێڵی بەرگری بەهێز دەکات

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان لە ئینگلتەرا ئاشکرایانکرد، خۆزێ مۆرینهۆی راهێنەری یانەی مانچێستەر یونایند هەوڵدەدات دوو گرێبەستی نوێ مۆربکات.

بە پێی زانیارییەکانی تۆڕی ESPN مۆرینهۆ داوای لە بەرپرسانی یانەکەی کردووە، هێڵی بەرگری تیپەکەی بۆ بەهێزبکەن بە هێنانی دوو یاریزان لە گواستنەوەی زستانەدا.

سەرچاوەکە دەڵێت، مۆرینهۆ داوای هەردوو یاریزان میلان شکرینیاری بەرگریکاری ئینتەرمیلان و ئالیسیۆ رۆمانیۆلیی بەرگریکاری ئەی سی میلانی کردووە.

سەرچاوەکە ئاماژە بەوەدەکات، ئەم دوو بەرگریکارە بە پارەیەکی کەم رازی نابن پەیوەندی بە مانچستەر یۆنایتد بکەن، هەرچەندە میلان شکرینیار ئێستا لە قۆناخی گفتوگۆی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەیدایە.

لە ماوەی گواستنەوەی یاریزانان لە هاوینی رابردوودا، مۆرینهۆ هەوڵیدا یەکێك لە تۆبی ئالدێرفێرێلدی، جیرۆم بواتینگ و دیێگۆ گۆدین بباتە تیپەکەیەوە، بەڵام کارگێڕیی یانەکە رەتیانکردەوە، بە هۆی ئەوەی ئەو یاریزانانە تەمەنیان گەورەیە.



# بەرشلۆنە هێڵی بەرگری بەهێز دەکات

سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان لە ئیسپانیا ئاشکرایانکرد، یانەی بەرشلۆنە بۆ گواستنەوەی زستانە یاریزانێکی بەرگری دیاریکرد بۆ ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ مۆربکات.

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی بڵاویکردەوە بەرشلۆنە لە گواستنەوەی زستانەی داهاتوودا دەیەوێت گرێبەست لەگەڵ فێرلاند مێندیی بەرگریکاری باڵی چەپی یانەی لیۆن مۆربکات.

بەرشلۆنە هیچ یاریزانێکی یەدەگی لە شوێنی خۆردی ئالبای بەرگریکاری چەپ نییە، هەرچەندە میراندای یاریزانی لاو لە یانەکەدا هەیە، بەڵام ڕاهێنەر و ئیریك ئەبیدالی سکرتێری هونەریی تیپەکە نایانەوێت بۆ تیپی یەکەمی سەربخەن، چونکە پێیانوایە هێشتا بۆ یاریکردن لە تیپی یەکەمدا بە تەواوی ئامادەنییە.

ڕۆژنامەکە دەڵێت، ڤالڤێردی ئەو یاریزانەی لیۆنی وەکو پێشینەی کاری تیپەکەی دیاریکردووە بۆ ئەوەی گرێبەستی لەگەڵدا بکەن، ئەمەش بۆ بەهێزکردنی باڵی چەپی تیپەکەیان.

هەروەها سەرچاوەکە دەڵێت ئەبیدال بە ئاستی مێندیی ٢٤ ساڵان سەرسامە.

فێرلاند مێندی هاوینی ڕابردوو گرێبەستەکەی لەگەڵ لیۆن تاوەکو ٢٠٢٣ نوێکردەوە، چونکە چەند یانەیەکی ئەوروپا چاویان بڕیبووە ئەو یاریزانە.

مێندی کە بە ڕەچەڵەك سەنیگالییە، هاوینی ڕابردوو ڕەتیکردبۆوە پەیوەندی بە هەڵبژاردەی سەنیگال بکات بۆ بەشداریکردن لە مۆندیالی ڕووسیا، چونکە چاوەڕێی ئەوە دەکات بانگهێشتی هەڵبژاردەی فەرەنسا بکرێت.

# ئیکاردی دوا بڕیاری خۆیدا

واندا نارا هاوژین و بەڕێوەبەری کارەکانی ماورۆ ئیکاردی هێرشبەری ئەرژەنتینی دوایین هەڵوێستی یاریزانەکەی لە بارەی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی ئاشکراکرد.

ئیکاردی سێ ساڵ گرێبەستی لەگەڵ ئەنتەر میلان ماوە و مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەشی ١١٠ ملیۆن یۆرۆیە.

یانەی ئینتەرمیلان دەیەوێت دەستکاری گرێبەستی یاریزانەکە بکات و مووچەکەشی لەپێناو مانەوە لە ڕیزەکانی یانەکەدا زیادبکات.

واندا نارا لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەری فۆتبۆل ئیتاڵیا گوتی: سێ ساڵی دیکەیان لە گرێبەستەکە لەبەردەم ماوە، ئێستا هیچ قسە و گفتوگۆییەک بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی ئیکاردی نییە و ئەو هەست بە هیچ دوو دڵییەک ناکات.

ماورۆ ئیکاردی بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئینتەرمیلان پێشکەشیکرد بووەتە ئامانجی یانە گەورەکانی ئەوروپا لە پێش هەمووشیان ڕیال مەدرید و مانچستەر یۆنایتد.



